گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/gxkv0v26

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٥/٠٥/١٩
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٠٩/٠٧
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: ٢٠٢٦/٠٣/٢٠

# جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان له ٢٠١٤ و ڕەنگدانەوەی لە میدیای نوێ و جیهانییەکاندا

**جزا احمد فارس[١] ــ ڕێبین عبدلرحمان فتاح قادر[٢]**

rebin.qader@chu.edu.iq - jaza.fars@univsul.edu.iq

[١] بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢] بەشی کارگێڕی نەوت و گاز و وزە، کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری، زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

جینۆسایدکردن لەسەر ئاستی جیهانی بەیەکێک لەتاوانە نێودەوڵەتییەکان هەژمارکراوە، ئێزیدییەکان لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕوبەڕوی جینۆسایدکردن بونەوە بە دەستی ڕێکخراوای تیرۆریستی (داعش) لەم کارەساتەدا هەزاران ژن، و پیاو، منداڵ، و گەنج، و پیر، جینۆسایدکران. ئەوە زانراوە کە ئەو کۆمەڵکوژییەی کە لەلایەن داعش لە شنگال لە دژی گەلی ئێزدی ئەنجامدرا، بە مانای قڕکردنی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی پێکهاتەیەکی ئاینی دێت، چونکە بەهۆی هێرشەکانەوە هەزاران ژن ڕفێندران و ڕوبەڕوی دەستدرێژی بونەوە و وەک کۆیلە لە بازاڕدا مامەڵەیان پێوەدەکرا، و چارەنوسی هەندێکیان هەتا ئێستا دیار نییە. هەروەها ئەم ئاینە لەکوردستان و لە عێراق و سوریا و ئەرمینیا و تورکیا ....هتد. هەروەها تاوانەکان، کورتیبوەوە لەکوشتنی بە کۆمەڵ، ڕفاندن، فرۆشتنی ژنان و منداڵان، زۆرەملێی گۆڕینی ئاین. هەروەها وەک لەچەندین ڕاپۆرتی یاسایی نێودەوڵەتی ئەوە ئاشکراکراوە کە بنبڕکردنی تەواوەتی یان لەناوبردنی کرۆکی ئێزیدییەکان بو وەکو گروپێکی ئێتنیکی، هاوکات کۆمەڵگەی ئێزدی توشی زیانێکی گەورەی دەرونی و کۆمەڵایەتی بو، زۆربەی ناوچە ئێزدینشینەکان وێرانکران بەهۆی هێرشەکانەوە. بۆیە هێشتا زۆربەی ئێزدییەکان هێشتا لە کاریگەریی دەرونی جینۆسایدەکە ڕزگاریان نەبوە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ خستەڕوی ڕۆڵی میدیای نوێ لە ناساندن و بڵاوکردنەوەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لەسەر ئاستی جیهان.

لەم توێژینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە جینۆساید چییە؟ میدیای نوێ چییە؟ چۆن و بە چ شێوەیەک ئێزیدییەکان ڕوبەڕوی جینۆسایدکردن بونەوە؟ ڕۆڵی میدیای نوێ چییە لە پرسی بڵاوکردنەوە و ناساندنی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەم توێژینەوەماندا سودمان لەچەند میتۆدێک وەرگرتوە لەوانە: میتۆدی وەسفی، شیکاری و مێژوی، هەریەکە لەم میتۆدانە بەپێی پێویستی توێژینەوەکەمان بەکارمانهێناوە. گرنگە، لێرەدا ئاماژە بەوەشبدەین گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە لەمیانەی گەڕانەکانی ئێمەدا بۆمان دەرکەوت کە تاوەکو نوسینی ئەم توێژینەوەیە کەمترین توێژینەوە لەم بوارەدا کراوە، کە میدیای نوێ ببەستێتەوە بە پرسی ناساندنی جینۆسایدکرنی ئێزیدییەکانەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە، پێشەکی، دو باسی بنەڕەتی، دەرئەنجام ولیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە باسی یەکەمی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان، کە دابەشمانکردوە بۆ دو تەوەرەی سەرەکی، تەوەرەی

یەکەم بە ناونیشانی چەمکی جینۆساید، تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی چەمکی میدیای نوێ، باسی دووەمی توێژینەوەکەشمان بە ناونیشانی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە میدیای نوێدا، ئەم باسەمان دابەشکردووە بۆ دو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە ٢٠١٤ دا، تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی ڕەنگدانەوەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە میدیا جیهانییەکاندا.

**کلیلە وشەکان :** جینۆساید، میدیای نوێ،پێگە ئەلیکترۆنییەکان، ئێزیدییەکان

## The 2014 Yazidi Genocide and its Reflection in New and International Media

**Jaza Ahmed fars[1] - Rebin Abdalrahman Fatah[2]**

[1]Department of political science, college of political sciences University of Sulaimani, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Oil, Gas and Energy Management, College of Management and Economics, University of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

### Abstract

Genocide is considered an international crime. In ٢٠١٤, the Yazidis faced genocide at the hands of the terrorist organization (ISIS). In this tragedy, thousands of women, men, children, youth and the elderly were genocided. It is known that the massacre committed by ISIS against the Shiite people in Sinjar means the extermination and attempts to erase a religious community, because thousands of women were kidnapped, raped and treated as slaves in the market, and the fate of some of them is still unknown. This religion is also practiced in Kurdistan, Iraq, Syria, Armenia, Turkey, etc. Crimes included mass murder, kidnapping, trafficking in women and children, and forced conversion .

As several international legal reports have revealed, the complete extermination or destruction of the essence of the Yazidis as an ethnic group, and the Yazidi community suffered great psychological and social damage, most of the Yazidi areas were destroyed by the attacks. Therefore, most Yezidis have not yet recovered from the psychological effects of the genocide. This study is an analytical study to present the role of new media in the recognition and dissemination of the genocide of the Yazidis worldwide.

In this paper we will answer the following questions: What is genocide? What is new media? How did the Yazidis face genocide? What is the role of the new media in the issue of publicizing and recognizing the genocide of the Yazidis? To answer these questions in this research we have used several methods including: descriptive, analytical and historical methods, each of these methods according to the needs of our research. It is important to note that the importance of this study lies in the fact that during our research we found that until the writing of this study, there has been little research in this field that links the new media to the issue of recognizing the Yazidi genocide.

**Keywords**: Genocide, New Media, Websites, Yazidis.

## پێشەکی

جینۆساید یەکێکە لەو تاوانانەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دیاریکردوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە وەک تاوانێک ناسێندرا. ئێزیدییەکان وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی عێراق بە درێژای مێژو چەندینجار ڕوبەڕوی جینۆسایدکردن بونەتەوە، بە هۆی نەتەوە یان ئاینەکەیانەوە، کە ئاینەکەیا بە ئاینێکی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژماردەکرێت، دواینجار داعش لە ساڵی ٢٠١٤ دا بە درندانەترین شێوە هێرشی کردە سەر قەزای شەنگال، کە بە جوگرافیای چڕی دانیشتوانی کەمینەی ئێزیدی دادەنرێت لە عێراقدا، کە قوربانییەکانی بریتیبون لە ئێزیدییەکان، کە ئەمەش ڕۆڵی هەبو لەئاوارەبون و دەربەدەربونی هەزارانیان و جێهێ لەقبونیان لەشوێن و جێگەی خۆیان، لێرەوە میدیا بەگشتی و میدیا نوێ بەتایبەتی ڕۆڵی هەبوە لەگواستنەوەی نەهامەتییەکان و ناساندنی گرنگترین بنەماکانی جینۆسایدکردن، کە ئەویش بریتیبو لە جینۆسایدی ئێزیدییەکان.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕۆڵ و کاریگەری میدیای نوێ دەخاتەڕو لە پرسی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان هەروەها ئەم توێژینەوەیە، جینۆساید لە چەندین دیدگای جیاوازەوە دەناسێنێت و ڕەچەڵەک و بنچینەی ئێزیدییەکانیش شرۆڤە دەکات لەگەڵ بونیادی کۆمەڵگاکەیان.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوەکەمان کۆمەڵە پرسیارێک دەگرێتەوە، کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدات، پرسیارەکانیش ئەمانەن: جینۆساید چییە؟ مەبەست لە میدیایی نوێ چییە؟ لێکەوتەکانی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان چییە؟ ڕۆڵی میدیای نوێ چییە لە بڵاوکردنەوە و ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان؟

## میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەکە پێویستی بە بەکارهێنانی چەند میتۆدێک هەبوە لەوانە میتۆدی وەسفیی، مێژویی و شیکاریی.

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی توێژینەوەکەمان بریتییە لەمیدیای نوێ ئامرازێکی کاریگەر بوە لە بڵاوکرنەوەی کارەساتی ئێزیدییەکانی لە ساڵی ٢٠١٤ و بە جینۆساید ناساندنی.

## توێژینەوەکانی پێشو:

پێکەوەبەستنی میدیای نوێ و تاوانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بەیەکەوە، ڕەنگە قورس بێت کە هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی بدۆزینەوە لەسەر ئەم پرسە، بەڵام چەندین توێژینەوە هەیە، کە لەسەر میدیای نوێ کرابێت یان لەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکان بەبێ ئەوەی بەسترابنەوە بەیەکەوە:

١- مەولود، دڵان ئیسماعیل، علی، هۆشیار مزەفەر، (٢٠٢٠) بەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێری گشتیدا لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە١.

توێژینەوەیەکە دەربارەی بەکارهێنانی میدیای نوێ لە پەیوەندییە گشتییەکاندا، سودمان لەم توێژینەوەیە وەرگرتوە بە مەبەستی خستنەڕوی تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ، جیاوازی توێژینەوەکەمان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە کارمان لەسەر بەستنەوەی میدیای نوێ کردوە بە جینۆسایدەوە.

Drumbl, Mark A., (2018), . Genocide: The Choppy Journey to Codification, Philosophical Foundations of International Criminal Law: Correlating Thinkers Publication Series No. 34.

توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە دەربارەی جینۆساید، سودمان لەم توێژیەوە بینیوە بۆ ناساندن و شیکردنەوەی وشەی جینۆساید. جیاوازی توێژینەوەکەمان لەگەڵ ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە نمونەی توێژینەوەکەی ئێمە لەسەر جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان.

**پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە، پێشەکی، دو باسی بنەڕەتی، دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە باسی یەکەمی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان، کە دابەشمانکردوە بۆ دو تەوەرەی سەرەکی، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی چەمکی جینۆساید، تەوەرەی دوەم بە ناونیشانی چەمکی میدیای نوێ، باسی دوەمی توێژینەوەکەشمان بە ناونیشانی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە میدیای نوێدا، ئەم باسەمان دابەشکردوە بۆ دو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە ٢٠١٤ دا، تەوەرەی دوەم بە ناونیشانی ڕەنگدانەوەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە میدیا جیهانییەکاندا.

**باسی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان**

لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەبونی چوارچێوەی تیۆری یارمەتیدەرە بۆ چونە ناو بابەتی توێژینەوە، ئەم باسەمان تەرخانکردوە بۆ خستنەڕوی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ چونە ناو بابەتی توێژینەوەکەمان، لە تەوەرەی یەکەمدا چەمکی جینۆسایدمان وەک تاوانێکی جیهانی لە چەندین دیدگا و ڕەهەندی جیاوازەوە خستوەتەڕو، لە تەوەرەی دوەمدا چەمکی میدیای نوێ وەک چەمکێکی تری توێژینەوەکەمان شرۆڤەکراوە.

**تەوەرەی یەکەم: چەمکی جینۆساید**

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ورد لە واتای جینۆساید تێبگەین پێویستە شیکردنەوە بۆ ڕەگوڕیشەی وشەکە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای بەکارهێنانی ئەم وشەیە. وینستۆن چەرچڵ لە ساڵی ١٩٤١ لە پرۆگرامێکی ڕادیۆیدا سەبارەت بە دڕندەی نازییەکان دەڵێت" ئێمە لە بەردەم ئەنجامدانی تاوانێکداین کە هیچ ناوێکی نییە"، دواتر ڕافایل لێمکین، کە پارێزەرێک و یاساناسێکی پۆڵەندی بە ڕەچەڵەک جولەکە بو ئەم وشەیەی بە واتای لەناوبردنی بە کۆمەڵ بەکارهێنا، وشەی جینۆساید (GENOCIDE) لە لێکدراوی دو وشە پێکهاتوە:

١- وشەی (genos)ی گریک کە بە واتای ڕەگەز و بنچینە دێت.

٢- وشەی caedere (-cide) لاتینی کە بەواتای کوشتن و لەناوبردن دێت( Drumbl, 2018, 609) هەردو وشەکە بەیەکەوە بە گشتی واتاکەی بریتییە لە کوشتنی بە کۆمەڵ، قڕکردن یان کۆکوژی و کۆمەڵکوژی هتد..(سورمێ، ٢٠٠٦، ٢٠).

ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن پارێزەری پۆڵەندی ڕافایل لێمکینەوە لە ساڵی ١٩٤٤ تۆمارکراوە. پێش ئەم کاتە ئەم چەمکە بەکارنەهاتوە هەرچەندە وەک ئەنجامدانی جینۆساید مێژویەکی زۆر کۆنی هەیە(Cole,2014, 3).

لێمکین ئەم چەمکەی پەرەپێدا وەک وەڵامێک بۆ سیاسەتی بەرنامەدارێژراوی نازییەکان بەرامبەر قڕکردنی جولەکەکان و ئەو تاوانەی کە لە مێژودا ڕویانداوە، کە ئامانج لێی لەناوبردن یان کۆتایهێنان بە گروپێک بوە، ئەم چەمکە لە پاش لێمکن بۆیە بەدیاریکراویش لە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە وەک تاوانێک ناسێندرا. (UN, 2023) ناساندنی ئەم چەمکە پەیوەندی بە هەوڵەکانی لیمکینەوە هەیە، کە وایکرد هەر لە یەکەم ساڵی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئەو ڕێکخراوە کار بۆ بە تاوانناساندنی جینۆساید بکات و لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە یاسایەک بۆ بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید دەربکات، کە یەکێکە لە پەیماننامە سەرەتاییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. واتا پێش هەمو پەیماننامە و ڕیکەوتننامە و جارنامەکانی تر دەنگی لەسەردراوە، تەنانەت بەر لە جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤیشە، کە ڕۆژێک لە دوای پەیماننامەی جینۆسایدەوە دەنگی لەسەر درا و دەرکرا".(ئەحمەد، ٢٠٢١)

بەپێی ڕێکەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید ساڵی ١٩٤٨ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، جینۆساید بە واتای هەریەک لەم کردارانەی خوارەوەدێت کە بۆ مەبەستی لەناوبردنی تێکڕا یان بەشێکی نەتەوە و ڕەچەڵەک و نەژاد یان ئاینێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت:

-کوشتنی ئەندامانی گروپێک.

-زیانگەیاندنی جەستەی و دەرونی بە ئەندامانی گروپێک.

-خستنەبەر جەور و ستەمی ژیانی گروپێک، بە مەبەستی لەناوبردنی تێکڕا یان بەشێکیان.

-سەپاندنی ڕێکارێک، بە مەبەستی بەربەستدانان لە وەچەخستنەوەی گروپێک.

- بەزۆر گواستنەوەی منداڵانی گروپێک بۆ گروپێکی دیکە.( Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide, 1948, Article 2)

بۆ ئەوەی باشتر لە جینۆساید تێبگەین باشتر وایە کە جۆرەکانی جینۆساید بخەینەڕو کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-جینۆسایدی فیزیکی(جەستەی): مەبەست لەم جینۆسایدە واتە کوشتنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە و گروپێک بە ئەنقەست.

٢- جینۆسایدی بایۆلۆژی: واتە دروستکردنی بەربەست و تێکدانی ڕێژەی زیادبونی ئاسای لە ناو مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵە و گروپێکدا بێت.

٣- جینۆسایدکردنی کلتوری: مەبەست لەم جۆرە جینۆسایدە قەدەغەکردنی زمان و شێواندن، تێکدانی مێژو، پەیوەندیی ڕۆشنبیری و کلتوری، ئاین و شارستانیەتی هەر کۆمەڵەیەک دێت.

٤- جینۆسایدکردنی ئابوری: بە واتای پیادەکردنی سیاسەتی برسیکردن و وێرانکردن و تێکدانی سەرچاوە ئابورییەکانی هەر کۆمەڵە و گروپێک دێت بە مەبەستی قڕکردن یان هەڵکەندنیان لە نیشتمان و شوێنی خۆیان (گوڵ،٢٠٠٢،١٧-١٨).

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە جینۆساید لەپاڵئەوەی مێژویەکی کۆنی هەیە، بەڵام چەمکێکی نوێیە لە ڕوی بەکارهێنانەوە، بە تێڕوانینی ئێمە بە پشتبەستن بەوەی کە خستومانەتەڕو جینۆساید واتە کوشتنی بە کۆمەڵی هاووڵاتیانی مەدەنی بە مەبەستی لەناوبردن و کۆتاپێهێنان جا ئەو کۆمەڵە یان گروپە سەر بە هەر پێکهاتەیەکی ئاینی، نەژادی، ئاینزایین.

**تەوەرەی دوەم: چەمکی میدیای نوێ**

میدیای نوێ یەکێکە لەو چەمکانەی کە پەیوەندی بە بەرەوپێشچونەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردنەوە هەیە، یەکێک لەلایەنەکانی، ئەوەیە کە لە سەردەمی میدیای ئەلیکترۆنیدا، ئێمە وا هەست دەکەین، کە جیهان بچوکترە لە جاران، لەبەرئەوەی دەنگ و ڕەنگی میدیا دەگاتە هەمو کون و کەلەبەرەیەکی جیهان (Friedman, 2008, 12)، بە دەگمەن شوێن هەیە لەم جیهانەدا کە نەگەشتبێت پێی، سەبارەت بەجۆرە میدیایە تێڕوانین و دیدگای جیاوازمان هەیە هەندێک، پێیانوایە کە مەبەست لە میدیای نوێ" ڕێگەیەکی نوێی گەیاندنە کە مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهان لە هەمو بارودۆخە جیاوازەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانییەوە، کە ئامانجی ئاسانکاری لە پەیوەندیکردن و زیادکردنی کارلێککردنە" (مەولود و عەلی،٢٠٢٠، ٢٧١).

میدیای نوێ چەمکێکی نوێیە، ئەم دەستەواژە لەم ماوەیەی دواییدا لەگەڵ شۆڕشی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی گەیاندن سەریهەڵدا. توێژەران لە لێکدانەوە بۆ ئەم چەمکە دو دیدگای جیاوازیان هەیە: یەکەم دیدگا جەخت دەخاتە سەر ئاوێتەکردنی میدیای کلاسيك بە ئامرازە مۆدێرنەکانی وەکو کۆمپیوتەر و تۆڕی زانیاری، لەکاتێکدا تێڕوانینی دوەم هەر لە بنەڕەتدا پشت بە گەیاندنی ژمارەیی دەبەستێت، کە بوە بە هۆکاری دەرکەوتنی شێوازێکی نوێی گەیاندنی میدیایی و جەماوەری (سۆرانی، ٢٠٢٢)

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەبدەین کە چەندین ناو بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم جۆرە میدیایە لەوانە (میدیای دیجیتاڵی، میدیای کارلێککردن، میدیای سەرهێڵ، میدیای سایبەر، میدیای زانیاریی و میدیای ڕایەڵەی) ئەم ناوە زۆرانەش گوزارشتن لەم جۆرە لە میدیایە، کە لە قۆناغی گەشەکردندایە.(کاکەشێخ،٢٠١٥، ١٧) دیارترین نمونەکانی میدیای نوێ بریتییە لە (بلۆگەکان، ئەپەکانی مۆبایل،تۆرەکانی سۆشیال میدیا، خزمەتگوزاری ستریمینگی دیجیتاڵی و پێگە ئەلکترۆنییەکان...) (Cote, 2022)

دەکرێت میدیای نوێ وا پێناسە بکریت کە "شێواز و چالاکی دیجیتاڵی میدیاییە، کە توانای بەرهەمێنان و بڵاوکردنەوەی پەیامێکی میدیایی هەیە، لە ڕێگەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی پەیوەست بە ئینتەرنێت"(عەبدوڵا و حەسەن، ٢٠٢٢، ٤٨) مەبەستی توێژەر لە بەکارهێنانی چەمکی میدیای نوێ لەم توێژینەوە بریتییە لە پێگە ئەلکترۆنییەکان بە تایبەت ئەو پێگانەی کە لە سەر ئاستی جیهانی زۆر ناسرا و بەناوبانگن، پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەرکەوتنیان پەیوەستە بەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری تەکنەلۆجیا هاتونەتە ئاراوە. مەبەست لە پێگە ئەلکترۆنییەکان بریتین لە کۆمەڵێک پەڕەی ئەلکترۆنی. لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەردەستن بۆ بەکارهێنەران، کە دروستدەکرێن و دەپارێزرێن لەلایەن تاک یان گروپ و ڕێکخرا و دامەزراوەکانەوە بۆ چەندین مەبەستی جۆراوجۆر(عەبدوڵا و حەسەن، ٢٠٢٢، ٥١).

بۆ ئەوەی کە باشتر لە میدیای نوێ تێبگەین پێمان باشە لێرەدا تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ شرۆڤەبکەین، کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕان و بەرەوپیشچون و نوێبونەوە دایە، ئەمەش هاوئاڕاستەیە لەگەڵ بەرەوپێشچونەکانی میدیای نوێ و بواری ڕاگەیاندن، لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ ئەمانە دەگرێتەوە:

١- کارلێککردن: مەبەست لەم تایبەتمەندییەی میدیای نوێ کارلێکی نێوان نێرەر و وەرگرە، کە ئەمەش شانسی ئەوە دەدات بە وەرگر ڕاستەوخۆ ڕاوبۆچونەکانی خۆی دەربڕێت، هەروەها گفتوگۆ لە نێوان نێرەر و وەرگردا دروست ببێت کەواتە لێرەدا پرۆسەیەکی دو ئاراستەی هەیە لە نێرەوەوە بۆ وەرگر یان بە پێچەوانەوە(مەولود و عەلی،٢٠٢٠، ٢٧٢).

٢-ناجەماوەری بون: ئەو پەیامانەی کە لە میدیای نوێدا بڵاودەبنەوە دەکرێت ئاراستەی تاکەکەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو بکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە لە میدیای کلاسیک پەیامەکان ئاڕاستەی جەماوەرێکی زۆر دەکران، لە میدیای نوێدا ڕاستەوخۆ پەیامەکە بۆ ئەو کەسە یان کەسانە دەنێردرێت کە بە ئامانج گیراون(کاکەشێخ،٢٠١٥، ٢٠)

٣-تەواوکاری: واتە بەکارهێنەر دەتوانێت ئەو بابەتەی کە ئارەزوی دەکات لەلای خۆی هەڵیبگرێت(سەیڤ) بکات هەر کاتێک ویستی بگەڕێتەوە بۆی(کاکەشێخ، صالح، ٢٠١٩، ٥)

٤- تێپەڕاندنی پێوەری شوێن وکات: لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئینتەرنێت و ماڵپەڕەکان بەشێوەیەکی گشتی لە هەمو شوێن و کاتێکدا بەردەستە بۆ بەکارهێنەرانی واتە وابەستە نییە تەنها بە شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە(کاکەشێخ،٢٠١٥، ٢٢)

٥-خێرایی: زانیارییەکان زۆر بەخێرای بڵاودەبنەوە لە سایەی میدیای نوێدا، واتە ئەگەر ڕوداوێک لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە ڕوبدات بە خێرای دەگاتە سەرانسەری جیهان لە ڕێگەی میدیای نوێوە(مەولود و عەلی،٢٠٢٠، ٢٧٣)

٦-ئاسانی گەیشتن بە زانیاری و بڵاوکردنەوەی: بەکارهێنەرانی میدیای نوێ لە یەک کاتدا دەکرێت بەکارهێنەربن وەک وەرگر بەرهەمهێنەریش بن چونکە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕوداوەکانەوە لە ماڵپەر و سۆشیال میدیاکان دەبن بە بەرهەمهێنەری پەیامی میدیای(حویجە،٢٠٢٢، ٣٥)

٧-ئازادی ڕادەربڕین: میدیای نوێ ئازادی ڕادەربڕینی کردە فاکتێک بەشێوەیەک کە هەر کەسێک بتوانێت بە شێوەیەکی ئازادانە تێڕوانین و دیدگا و بۆچونەکانی بخاتەڕو ئاڕاستەی جیهانی بکات (مەولود و عەلی،٢٠٢٠، ٢٧٣)

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە میدیای نوێ پەیوەندییەکی بەهێزی بە بەرەوپێشچونەکانی تەکنەلۆژیاوە هەیە هەروەها میدیا جیهانییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەسەر ئاستی جیهان لە لەو پرس و ڕوداوانەی کە دێنە پێشەوە.

**باسی دوەم: جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە میدیای نوێدا**

ئەم باسەی توێژینەوەکەمان لە دو تەوەرەدا تەرخانکردوە بۆ خستنەڕوی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە ساڵی ٢٠١٤ دا و ڕەنگدانەوەی لە میدیا جیهانییەکاندا کە کاریگەری گەورەی هەبوە لە جوڵاندنی هاوسۆزی جیهانی بۆ پرسی ئێزیدییەکان و بە جینۆساید ناساندنی لەسەر ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتە زلهێزەکان، چونکە ئێزیدییەکان هەزاران ساڵە بە بەردەوامی ڕوبەڕوی کۆمەڵکوژی دەبنەوە.

**تەوەرەی یەکەم: جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە ٢٠١٤ دا**

ئێزیدییەکان وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەم خاکە بەبەردەوامی بەهۆی ئاین و زمانی دایکیان کە کوردییە چەندین جار ڕوبەڕوی جینۆساید بونەتەوە. ئێزیدییەکان Êzîdiyekan :یان ئێزیدی (Êzîdy) کوردە ڕەسەنەکانی ئەم وڵاتەن و ئاینی ئێزیدیش یەکێکە لە ئاینە کۆنەکانی کوردستان و میزۆپۆتامیا (عومەر، ٢٠١٤) ئێزیدییەکان لە جیهاندا بڵاوبونەتەوە، ئەوەی لەم توێژینەوە کاری لەسەر دەکەین ئێزیدییەکانی قەزای شەنگالە کە بە شوێنی جوگرافیای چڕی دانیشتوانی ئێزیدییەکان دادەنرێت و دەکەوێتە ڕۆژئاوای موسڵ بە دوری ١٢٤کم(شەنگالی،٢٠٢١، ١٠٢).

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) قەزای شنگال-ی سەر بە پارێزگای نەینەوای لە ٣ی ئابی ٢٠١٤داگیرکرد (Jordan, 2018, 1) کاتێک کە چەکدارانی داعش خاکی ئێزیدییەکانیان داگیرکرد، دەستیانکرد بە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان، داعش ئێزیدییەکانی کردە ئامانج کە زۆرینەیان لە ناوچەی شەنگال نیشتەجێن، مەبەستی پشت ئەم کارانە، وەک لە چەندین شیکاری و ڕاپۆرتی یاسایی نێودەوڵەتیدا سەلمێندراوە، بنبڕکردنی تەواوەتی یان لەناوبردنی جەوهەری ئێزیدییەکان بو وەک گروپێکی نەتەوەیی ئێتنیکی، کە بەپێی هەمو ئەو پێوەرانەی کە لە ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید (١٩٤٨) هاتوە . ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر ئێزیدییەکان ئەنجامدرا جینۆسایدکردنە (عومەر، ٢٠١٤)

دیارترین کارەسات کە لە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان باسی لێوەدەکرێت بریتییە لە کارەساتی گوندی کۆچۆ کە ئەم گوندە دەکەوێتە ٢٣کم باشوری قەزای شەنگال. ئەم گوندە تێکەڵاوە لەگەڵ گوندی (البو متێوت) کە دانیشتوانەکانی عەرەبن،

لە گوندی کۆچۆ (٣٤٤) خێزانی ئێزیدی دەژیان کە ژمارەی گوندەکە بە (١٧٣٨) هەژمار کراوە، لەم ڕێژەیە (١٢٠٠) کەس بێ سەروشوێن تەنها (٥٣٨) کەسیان ڕزگاریان بوە لەو کۆمەڵکوژییەی کە داعش لە گوندەکە ئەنجامیدا(شەنگالی،٢٠٢١، ١٠٣)

عەدالەت عومەر دەربارەی شێوازی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە نوسینێکیدا وەسفی شێوازی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان دەکات بەم شێوەیە:

١. هێرشکردن بۆ سەر ئێزیدییەکان لە شەنگال و هاووڵاتنیان بەرەو چیای شەنگال و گەمارودانیان بە مەبەستی قڕکردنیان و کوشتنیان، کە لە بەر ترس، و هیلاکی، و ماندوبون، و برسێتی، ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتە ژیانیان لە دەستدا.

٢. بڵاوکردنەوەی شەڕی دەرونی لە نێوان ئەو خەڵکانەی کە لەچیای شەنگال بۆ چەندین ڕۆژ بە بێ خواردن و دەرمان و پێداویستی ڕۆژانەی ژیانیان مانەوە.

٣. گۆڕینی ئاینی ئێزدییەکان بە زۆر بۆ سەر ئاینی ئیسلام لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە.

٤. کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکانی سڤیل و بێ تاوان و شاردنەوەیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان.

٥. جیاکردنەوەی ژنان و ئافرەتان و کچانی ئێزدی لە خێزانەکانیان دوای کوشتنی پیاوەکانیان بە کۆمەڵ.

٦. پێشێلکاری لە ڕوی سێکسی بەرامبەر کچان وژنانی ئێزیدی بەزۆر بەناوی جیهادی نیکاحەوە و گەڕانەوە بۆ سیستەمی کۆیلایەتی و کڕین و فرۆشتنیان بە ئاشکرا و دەستاودەست پێکردنیان لە نێوان خۆیاندا وەک کنیزە و جاریە و سبایا.

٧-جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان بە مەبەستی لە ناوبردنی ڕەچەڵەکی ئێزدی و ڕێگریکردن لە زاوزێ و دەستبەجێ کوشتنی کوڕ و پیاوانی گەنجی ئێزیدی و زیندەبەچاڵکردنیان بە بەرچاوی کەسوکاریان.

٨ -ڕوخاندنی شوێنەواره ئاینی و پەرستگاکانی کوردانی ئێزیدی بە مەبەستی سڕینەوەی کەلتورو دابونەریت و ئاینی کوردانی ئێزیدی. (عومەر، ٢٠١٤).

بۆ ئەوەی کە باشتر لە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان بگەین پێمان باشە بە خشتەیەک جۆر و ژمارەی قوربانیانی ئێزیدییەکان بخەینەڕو.

ئاماری جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان

| ژ | جۆری قوربانی | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی شەهید(قوربانی) | ١٢٩٣ |
| ٢ | ژمارەی ڕفێندراوان | ٦٤٠٤ |
| ٣ | ژمارەی دیل و بێ سەروشوێن بە گشتی | ٣٣٧٠ |
| ٤ | ژمارەی گۆڕی بەکۆمەڵ و تاک | ١١٩ |
| ٥ | ژمارەی مەزارگەو و شوێنە پیرۆزی وێرانکراو | ٤٤ |
| ٦ | ژمارەی منداڵانی بێدایک و باوک | ٢٧٤٥ |
| ٧ | ژمارەی ئاوارەکان | ٥٠٠.٠٠٠ |

ئامادەکردنی توێژەر بە سودوەرگرتن لەم سەرچاوانەی خوارەوە:

- محەمەد، ئاوات خورشید، (٢٠٢٣)، جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی ڕەنگدانەوەی لە خامەکەی جەمال غەمباردا، سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرمۆ بۆ تاوانی ئەنفال و جینۆساید.
- عومەر، عەدالەت (٢٠١٤)، جینۆسایدی ئێزیدییەکان، ئەرشیفی نەتەوەی جینۆسایدی کوردستان، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/١٠/١، بەردەستە لەسەر بەستەری: بەردەستە لەسەر بەستەری: https://shorturl.at/2229o، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/١٠/١.

بۆیە لێرەدا دەرگیر دەبین لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە بەپێی هەمو پێوەرەکان، ئەوەی کە بەسەر ئێزیدییەکان هات لە ساڵی ٢٠١٤دا جینۆسایدکردنی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی عێراق بو کە هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە نیشتەجێن.

## تەوەرەی دوەم: ڕەنگدانەوەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە میدیا جیهانییەکاندا

لەگەڵ ئەوەی کە میدیای نوێ یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکان کە لە پرۆسەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان ڕۆڵی گرنگی گێڕا، بە تایبەت کاتێک کە دیمەنی ئاوارەیی، لێقەومان، کوشتوبڕی پیاوانی بەتەمەن، ژنان، کچان، منداڵانی، دەڤەری شەنگال لە زۆربەی هەرە زۆری میدیاکانی ناوخۆیی وجیهاندا ڕەنگدانەوەی هەبو، ڕایگشتی وڵاتانی دەرەوەی هەژاند. کەم ڕوداو هەبوە وەک جینۆسایدی ئێزیدییەکان، لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات لە ماوەدای چەند ڕۆژێکدا ئەو ڕادەیە لە خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی و هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمەتی و کەمپەینی ڕاگەیاندن و نوسین و قسەکردن لە میدیاکانی دەرەوەدا ئەنجامدراێ دەربارەی.(ئەسکەرندەری، ٢٠١٥). بۆیە ناساندی ئەم تاوانە لە میدیایی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەمیدیای نوێدا، ڕەنگدانەوەی هەبوە لە میدیا جیهانییەکاندا.

لە دوای جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان زۆربەی ماڵپەڕە جیاوازە جیهانییەکان، لەپاڵ میدیای نوێ لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، بە شێوازی جیاواز ئەو جینۆسایدەیان دەخستەڕو هاوسۆزییان بۆ ئێزیدییەکان دەردەبڕی بۆ نمونە ماڵپەڕی جەزیرەی ئینگلیزی کە یەکێکە لەسەرچاوە دیارەکانی زانیاری لە ئاستی جیهاندا لەگەڵ جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان دەنوسێت"ئێزیدییەکان: ئەگەر بجوڵێن دەمانکوژن" هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە داعش بە ئێزیدییکانیان وتوە یان دەبێت بێنە سەر ئاینی ئیسلام یان دەیانکوژن چونکە ئەوان کافرن(Salih and Wilgenburg, 2014) جەزیرە بە چەندین شێواز لە ڕێگەی هەواڵ و ڕاپۆرت و بەرنامەی تایبەتەوە کارەساتی ئێزیدییەکانی دەگەیاند بە جیهان ئەمەش کاریگەری هەبو لەسەر دروستبونی هاوسۆزییەکی جیهانی بۆ ئێزیدییەکان و ناساندنی پرسەکەیان وەک کارەساتێکی جیهانی.

بۆیە میدیا جیهانییەکان لەپاڵ میدیاییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت هەریەک لە جەزیرەە، چەندین میدیای جیهانی تر بە بایەخەوە گرنگییان بە کارەساتی ئێزیدییەکان دەدا لەوانە دی دەبلیوی ئەڵمانی یەکێکی ترە لە میدیا کاریگەرەکانی جیهان کە چەندین ڕاپۆرت و شیکاری و هەواڵ لەسەر ئێزیدییەکان بڵاوکردۆتەوە بە بایەخەوە گرنگی بە پرسی ئێزیدییەکان دوە، دەنوسێت کە "کارەساتی مرۆی ڕودەدات" دی دەبلیو ئاماژە بەوە دەکات کە ئێزیدییەکان بە زۆرەملێ دەکرێن بە ئیسلام و ئەگەر قبوڵی نەکەن ئەوە دەکوژرێن، هەر لە هەمان ڕاپۆرتدا ئەوەش دەخاتەڕو کە نزیکەی ١٠٠ هەزار ئێزیدی لە ئەڵمانیا دەژین ئەوان توشی شۆک بون دوای بینینی دیمەنەکانی کارەساتی ئێزیدییەکان لە ڕێگەی میدیاوە، لەبەرئەوە ئێزیدییەکانی ئەڵمانیا داوای بەهاناوەچون لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەڵمانیا دەکەن (Krämer, 2014)

ماڵپەڕێ بی بی سی بەریتانیش یەکێکی ترە لە ماڵپەڕە دیار و پڕ خوێنەرەکان کە زۆر گرنگی بە پرسی ئێزیدییەکان داوە دوای کۆمەڵکوژی کردنیان لەلایەن داعشەوە لە یەکێک لە بابەتەکانی بە ناونیشانی "ئایندەی ئیزیدییەکان لە عێراق" چیرۆکی نەهامەتی ئێزیدییەکان دەگێڕێتەوە کە چۆن داعش پیاوە ئێزیدییەکانیان کوشتوە و ژن و منداڵەکانیان بردون(Moss,2016)

ڕەنگدانەوەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان ڕۆڵی گرنگی هەبوە لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتە زلهێزەکان کار بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە بکرێت، هەر لەبەرئەوەیە کە کارەساتی ئێزیدییەکان لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەجینۆساید دەناسێنرێت لە ٢٠١٦/٦/١٦لە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێف لەلایەن لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بەکۆمسیونی مافی مرۆڤەوە (عومەر، ٢٠١٦) ئەم بە جینۆساید ناساندنە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بەکۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بوە، کە لە ڕاپۆرتەکەیاندا لە ٢٠١٦/٦/١٥ بڵاوکراوەتەوە هاتوە کە داعش بە داگیرکردنی شەنگال کۆمەڵکوژی ئەنجامداوە بەرامبەر بە ئێزیدییەکان، پیاوەکان کوژران یان ناچارکراون بێنە سەر ئاینی ئیسلام، ژنان و کچانیش تەنانەت هەندێکیان تەمەنیان تەنها (٩) ساڵ بوە وەک کۆیلە مامەڵەیان پێوەکراوە و فرۆشراون لە بازارەکاندا(UN Human Rights Concil, 2016, 3)

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین کە میدیای نوێ کارئاسانی کرد کە گەنجان و چالاکوانانی ئێزیدی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە ناساندن و بە بەڵگەنامەکردنی جینۆسایدی شەنگالدا، گەنجانی ئێزیدی لەلایەن چەندین وڵاتی ئەوروپییەوە بانگێشت کراون بۆ ئەوەی کە پرسی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان بناسێنن و کاربکەن بەمەبەستی قەرەبوکردنەوەیان، لە پرۆسەی بە جینۆساید ناساندنی ئێزیدییەکان ڕێکخراوەکانی وەک یەزدا و نادیە موراد، و چەندین ڕێکخراوی دیکەی ئێزدی لە دەرەوەی وڵات چالاک و بەهێز بون، جێنۆسایدی ئێزدییەکان لەلایەن زیاتر لە دوانزە وڵاتەوە ناسێندراوە، لەوانەش وڵاتانی گەورەی وەک بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، هۆڵەندا، ئوستراليا و ئەرمینیا دانیان بە جینۆسایدی ئێزدییەکاندا ناوە. (هەرکی، ٢٠٢٣)

ئەمە لە کاتێکدایە دیندار زێباری، ڕێکخەری نوسینگەی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەنێو حکومەتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ماڵپەڕێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی ناساندنی پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لەلایەن ئەڵمانیاوە ئاماژەوە بەوە دەکات کە "لە ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ساڵی ٢٠١٤، ئەو پرۆسەیە دەستپێکردوە و هاوکاریی ئێمە لەگەڵ تیمی نێودەوڵەتی بەردەوامە. لەسەر ئاستی لۆبی نێودەوڵەتی، بە سەدان هەوڵ هەبوە و بە دەیان کۆبونەوە ئەنجام دراون، هەر لەسەر ئاستی دادگای لاهای و ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشەوە بگرە تا دەگاتە سەر ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشی مافەکانی مرۆڤ و جنێف. داواکارییەکانی حکومەتی هەرێم و ئاستی ئەو کارەساتە بە هەوڵ و کۆششی نوێنەرایەتییەکانی حکومەت و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لە ڕێی دیپلۆماسی و مەعنەوی و یاسایی و مرۆییەوە بەردەوامە و کاری لەسەر دەکەین." (زێباری،٢٠٢٣).

میدیای نوێ لەسەر ئاستی جیهانی ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە گواستنەوەی ئەو کارەساتەی کە لە ساڵی ٢٠١٤دا بەسەر ئێزیدییەکان هات ئەمەش بوە هۆی دروستبونی هاوسۆزییەکی جیهانی بۆ پرسەکەیان لەبەرئەوە لەپاڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین ولاتی زلهێز جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان بە شێوەیەکی فەرمی ناساندوە.

## دەرئەنجام

لە کۆتای ئەم توێژینەوە، گەشتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. جینۆساید وەک چەمک نوێیە، بەڵام لە ڕوی پراکتیزکردنەوە مێژویەکی کۆنی هەیە.

٢. هەروەها کوشتنی بە کۆمەڵی هاووڵاتیانی مەدەنیی، بە مەبەستی کۆتاییپێهێنان یان لەناوبردنیان، ئەم فاکتە لەتاوانی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان ڕەنگدانەوەی هەبوە، بەتایبەت دوای ئەوەی میدیایی نوێ ڕۆڵی گرنگی هەبو لە خستنەڕوی ئەم تاوانە.

٣. میدیای نوێ ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێت لە ڕوداو و پرسە جیهانییەکان، بەدەگمەن شوێن هەیە لە جیهاندا ئەگەر میدیای نوێی نەگەشتبێت پێی.

٤. لە ساڵی ٢٠١٤ ئێزیدییەکان لە عێراقدا بە دڕندانەترین شێوە کەوتنە بەرلێشاوی جینۆسایدکردن، لەلایەن گروپی تیرۆرستی داعشەوە بەهۆی ئەو جیاوازیانەوە.

٥. بڵاوکردنەوەی کارەساتی ئێزیدییەکان لە ٢٠١٤ دا لە میدیای نوێدا ڕۆڵی گرنگی هەبو لە بە جینۆساید ناساندن و بە جیهانی کردنی کەیسی ئێزیدییەکان.

٦. باشتر وایە میدیا بەگشتی و بە هەردو لایانی میدیای کلاسيك و نوێ، بەتایبەتی دیجیتاڵ میدیا یان میدیایی ئەلیکترۆنی، ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی تاك بەتاکی کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەت سەبارەت بە تاوانەکانی جینۆساید کردنی ئێزیدییەکان، بەو پێیەی کە تاوانێکی دەییەی یەکەی سەدەی بیست و یەکە.

٧. هەروەها باشتروایە کە ئەم تاوانە زیاتر لێکۆڵێینەوە و توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت لەلایەن زانکۆکان و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان بەئاراستەی زیاتر خستنەڕوی ئەم تاوانە.

**سەرچاوەکان:**

حویجە، خنـدە سـیف الـدین،(٢٠٢٢)، ڕومـاڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بۆ بـابەتە سـینەمـاییەکان، نـامەی مـاسـتەر بەشی ڕاگەیاندن/زانکۆی سلێمانی.

سورمێ، هەژار عزیز، (٢٠٠٦)، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چ٢، سلێمانی : دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

شەنگالی، قاسم، (٢٠٢١)، جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەلایەن داعشەوە گوندی (کۆچۆ) وەک نمونە، لە کتێبی جینۆساید لە ناسنامەوە بۆ پرۆژە، چ١، ڕێکخراوی دۆز

کاکەشێخ، هەردەوان مەحمود، (٢٠١٥)، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، چ١، سلێمانی : بەرهەمی ڕێکخراوی پرسی میدیایە.

گوڵ، مارف عومەر، (٢٠٠٢)، پۆلێن کردنی تاوانەکانی ئەنفال بە پێێ جۆرەکانی جینۆساید، مەکتەبی بیر و هۆشیاری(ی.ن.ک).

عەبدوڵا، کرمانج ڕەسول، حەسەن، کاروان محەمەد،(٢٠٢٢)، ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕداری بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارە ٦.

کاکە شـێخ، هەردەوان مەحمود، صـاڵح، شـلێر علی، (٢٠١٩)، ڕۆڵی ئامڕازەکانی میدیای نوێ لە بەدەسـتهێنانی هەلیکاردا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٣، ژمارە ٣.

کاکەشێخ، هەردەوان مەحمود، صالح، د.شلێر علی، (٢٠١٩)، ڕۆڵی ئامڕازەکانی میدیای نوێ لە بەدەستهێنانی هەلی کاردا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زنستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٣، ژمارە ٣.

محەمەد، ئاوات خورشـید، (٢٠٢٣)، جینۆسـایدی کوردانی ئێزیدی ڕەنگدانەوەی لە خامەکەی جەمال غەمباردا، سـەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرمۆ بۆتاوانی ئەنفال و جینۆساید.

مەولود، دڵان ئیسماعیل، علی، هۆشیار مزەفەر، (٢٠٢٠) بەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا لە هەرێمی کوردستان،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١.

ئەحمەد، هاوڕێ، (٢٠٢١)، تاوانی جینۆساید لای ڕەفایل لیمکین، بەردەستە لەسەر بەستەری: https://shorturl.at/98NqI ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/٩/٢٩.

عومەر، عەدالەت (٢٠١٤)، جینۆسایدی ئێزیدییەکان، ئەرشیفی نەتەوەی جینۆسایدی کوردستان، بەردەستە لەسەر بەستەری: https://shorturl.at/2229o، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/١٠/١

عومەر، عەدالەت (٢٠١٦)، جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەردەستە لەسەر بەستەری: https://shorturl.at/IwTQh، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/١٠/٦

سۆرانی، د.سامان، (٢٠٢٢)،کاریگەری میدیای نوێ لەسەر ناسنامەی کوردستانی، بەردەستە لەسەر بەستەری: https://xebat.net/ku/?p=151096، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/١٠/٣

هەرکی، ئەیاز، (٢٠٢٣)،ڕۆڵی گەنجانی ئێزدی لە ناساندنی جینۆسایدی شەنگالدا، بەردەستە لەسەر بەستەری: https://knwe.org/KU/Details/12485، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/١٠/١٢

ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠٢٣)، تا ئێستا زیاتر لە ١٠ وڵات کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکانیان بە جینۆساید ناساندوە، بەردەستە لەسەر بەستەری: /https://gov.krd، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٤/١٠/١٦.

Greaser, Jordan,(2018), "Attitudes of Sinjari Yezidis in Iraq Regarding the Rape of Yezidi Women and the Babies Born from Rape During the ISIS Genocide". Theses & Dissertations, University of Nebraska Medical Center University Center.

Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide, (1948) , Article 2.

Drumbl, Mark A., (2018), . Genocide: The Choppy Journey to Codification, Philosophical Foundations of International Criminal Law: Correlating Thinkers, Publication Series No. 34, Torkel Opsahl Academic EPublisher (TOAEP).

Friedman, Linda Weiser and Friedman, Hershey H, (2008), THE NEW MEDIA TECHNOLOGIES: OVERVIEW AND RESEARCH FRAMEWORK, SSRN Electronic Journal.

Matthew Cole, (2014), The Language of Genocide and Human Rights: Naming, Judging, Acting : Duke Human Rights Center.

UN-Human Rights Concil, (2016), “They came to destroy”: ISIS Crimes Against the Yazidis, Thirty-second session Agenda item 4.

A Salih, Mohammed, and Wilgenburg, Wladimir van, (2014), Iraqi Yazidis: ‘If we move they will kill us’ available from the link below: https://shorturl.at/U3OGn

Cote, Joe, (2022), What is New Media?, available from the link below: https://shorturl.at/AMMHo

Krämer, Klaus,(2014), Humanitarian catastrophe, available from the link below: https://www.dw.com/en/yazidis-facing-humanitarian-catastrophe/a-17840526

Moss, Paul,(2016), The future of the Yazidis in Iraq, available from the link below: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-37851235

UN, (2023), Stories from the UN Archive: The man who defined genocide, available from the link below: https://shorturl.at/XZBLX